# هیچ ڕۆژێک نییە کە خودا بەندەکانی لە دۆزەخ ڕزگار بکات وەکو ڕۆژی عەرەفە

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هیچ ڕۆژێک نییە کە خودا بەندەکانی لە دۆزەخ ڕزگار بکات وەکو ڕۆژی عەرەفە، وبەدڵنیاییەوە نزیک دەبێتەوە، پاشان لە لای فریشتەکان شانازیان پێوە دەکات، ودەفەرموێت: «ئەوانە چییان دەوێت؟».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

هیچ ڕۆژێک وەکو ڕۆژی عەرەفە نییە کە خودای گەورە هەرکەسێکی بوێت لە بەندەکانی ڕزگاری دەکات لە چوونە دۆزەخ، وخودا -سبحانە وتعالى- لەو بەندانەی نزیک دەبێتەوە کە حەج ئەنجامدەدەن ئەمیش نزیکبوونەوەکی ڕاستەقینە، وخودا لای فریشتەکان شانازیان پێوە دەکات وباسی فەزڵ وڕێزداریان دەکات، وئەهلی سونە وجەماعەت باوەڕیان وایە کە خوای گەورە نزیکە لە بەندەکانی نزیکبوونەوەی ڕاستەقینە ئەمیش بەشێوەیەک کە شایەنی شکۆداری ومەزنی خودا بێت، وخودا لە سەرەوەی عەرشە، وجیایە لە بوونەوەرەکان، دەفەرموێت: ئەمانە چییان دەوێت؟ کە خێزان وبنەماڵە و وڵاتی خۆیان جێهێشتووە، وپارەیان خەرجکرووە، ولاشەیان ماندوو کردووە، واتە: تەنها لێخۆشبوون وڕازی بوون ونزیکبوونەوە وگەیشتن بە بەهەشتیان دەوێت، وئەوەی دەیانەوێت ئەوا بۆیان جێبەجێ دەبێت، وپلەکانیان بە پێی نیەتەکانیانە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8288

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee